# هەڵاتــــــــوو

جۆن شتاینبک
وەرگێڕانی: موعتەسەم ساڵەیی

بەدرێژایی پازدە میل لە خوارووی (مۆنتیری) لە کەناری دەریای سامناکدا، کێڵگەی بنەماڵەی (تۆریز) لە بەرزاییەکدابوو کە زۆر بەسەرەولێژی بەرەو تاشەبەردەکانی دەریای تاریکو سامناکو لە پاشانیشدا بەرەو ئاوی کەنداوی پڕ لە شلپو هوڕ شۆڕدەبووەوە، نزیکەی چەند سەد فەدانێک زەوی‌و زاری گرتبووەوە. شاخە بەردینەکان لە پشتی پاوەنەکانەوە بەڕووی ئاسماندا قوت ببوونەوە، خانووبەرەکان وەکو زیندەوەر بەقەدپاڵی شاخەکانەوە گیرسابونەوە، وەها دەهاتنە پێش چاو گوایە ڕەشەبایەکی توندوتیژ گەر هەڵکات بۆی هەیە تووریان هەڵداتە نێو دەریاوە.

کەپرەکەو پشتیرە نیوە ڕماوەکە، بە هۆی بای شێدارەوە ڕەنگی بەردی گرانیتیان لێنیشتبوو، دوو ئەسپو مانگایەکی سوورو شەش بەرازو چەند مریشکو جووجەڵەیەک حەوشەکەیان داگیرکردبوو، لەسەرەو لێژییە ڕووتەنییەکەیشدا چەند بڕکێکی گەنمەشامی بە پتەوی لەژێر زەبروزەنگی ڕەشەبادا ڕووابوون‌و ڕەگیان بە ناخی زەویدا داکوتابوو.. دایکە (کوریز) ئافرەتێکی ڕەشپێستی لاوازی چاو بەقووڵدا چووبوو، بۆ ماوەی دەساڵ دەچوو کە کاروباری بەڕێوەبردنی کێڵگەکەی خستبووە ئەستۆی خۆی، ئەویش هەر لەو کاتەوەی کە مێردەکەی پێی لە بەردێک هەڵکەوتبوو بەدرێژایی خۆی کەوتبوو بەسەر مارێکی زەنگاردا کە گەر بەهەر کەسێکەوە بدات چاکبوونەوەی بۆ نییە، ئەم ئافرەتە سێ جگەرگۆشەی هەبوو، دوانی لەڕوو لاوازی دوازدەو چواردە ساڵی بە ناوی (ئەمیلۆ)و (ڕۆزی)یەوە، کە دایکیان لەسەر تاشەبەردەکانی خوارووی کێڵگەدا بەجێیانی دەهێشت، تاوەکو لە کاتی ئۆقرەگرتنی دەریاو ڕۆیشتنی ئافسەری ناوچەکە بۆ هەرێمێکی دوور خۆیان بە ماسی گرتنەوە خەریک بکەن.. (بیبێ)ی تەمەن نۆزدە ساڵی کوڕی گەورەی بوو. کە خاوەنی قەدو باڵایەکی هەڵکشاو دڵێکی ناسکی پڕ لە بەزەیی بوو، بە تەمبەڵو تەوەزەل ناوی دەرکردبوو، قژە ڕەشە گرەکەی هەردەم گف دەبووەوە، دایکی هەر ئەوەندەی بۆ کرابوو کە قژی بانی چاوی هەڵپاچێت تاوەکو چاوە خەواڵووە پڕ لە خەندەکەی بتوانێت شت بەدیبکات، هەردوو ئێسکی ڕوومەتی وەکو هیندییەکان دەرپەڕیبون. لووتیشی وەکو دەندووکی هەڵۆ شۆڕببووەوە، بەڵام دەموچلی زۆر بەڕێکوپێکی وەکو دەمی کچۆڵە جوان بوو، بینەر لەدوو لاق‌و دوو پێ‌و دوو مەچەک بەولاوە هیچی تری بەدی نەدەکرد، گەرچی تەمبەڵ بوو، بەڵام لە دیدگای دایکیدا زۆر جوان‌و جوامێر بوو، لە کاتێکدا ئەم شتەیشی نەدەدایە ڕووی، هەرکاتێک لێی توورە ببوایە پێی دەوت: (لەوانەیە مانگایەکی بلّح هاتبێتە ماڵی باوکتەوە بۆیە تۆیش ئاوەها دەرچوویت..!) یاخود دەیووت: (لەو کاتەیدا کە سکم بەتۆ پڕ بوو ڕێوییەکی گەڕ لە جەنگەڵدا بەرەو ڕووم هاتووەو دیقەتی داوم، بێگومان هەر ئەوەیش ئاوەهای لەتۆ کردووە..!) کوڕەیش بە بزەیەک وەڵامی دەدایەوەو دەمی ئەو چەقۆیەی کە لە باوکیەوە بۆی مابووەوە، بە مەبەستی پاککردنەوەی لە زەوییەکەی دەچەقاند. لە پاشانیشدا دەریدەهێناو دەمە درێژە تیژەکەی دادەنوشتانەوە بۆ نێو مشتووە ڕەشە زریزەدارەکەی، گەر پەنجەی لێگیربکردایە بەزووترین کات دەمەکەی دەردەپەڕی‌و بۆ

بەکارهێنان ئامادە دەبوو، لەبەرئەوەی لە باوکییەوە بۆی مابووەوە بۆیە لێی جیانەدەبووەوە.

سەرلەبەیانییەک لەگەڵ گزنگی خۆردا لەقەدپاڵی تاشەبەردەکانەوە کە کەفی سپیی شەپۆلەکان بازیان بەسەردا دەدا، ئاوی دەریاکە دەبریسکایەوە، لەبەر دەرگەوە دایک هاواری لێهەڵساو وتی:

– ئەی بیبێ.. زوو بکەوەخۆت ئەوەتا ئیشم بۆت دۆزیوەتەوە..

هیچ وەڵامێکی نەهاتە بەرگوێ، دایکە کاتێک بە باشی گوێی ڕادێرا دەنگی پێکەنینێکی لە پشتی پشتیرەکەوە هاتە بەرگوێ بەرۆکە درێژەکەی هەڵبڕیو بەرەو دەنگەکە هەنگاوینا،تەماشایکرد(بیبێ) لێی ڕاکشاوەو پشتی داوەتە سەنووقەکەو ددانەکانی دەبریسکێنەوە، هەردوو خوشکو برا ڕەشەکەیشی لەمدیوو لەودیویدان، ستوونە دارینەکەیش لەدووریی چەند هەنگاوێکدا بەرزبووەوە، باڵی لێ شلکردبوو چەقۆ ڕەشەکەیشی بەنوشتاوییەوە لەنێو لەپیدابوو.. بیبێ نیگای بەرەورووی ئاسمان هەڵبڕیو بزەیەکی بۆکرد، لەپڕ ئەمیلۆ هاواری لێکرد:

– دەی..

بیبێ وەکو مار سەری هەڵبڕیو هەر وەکو ئەوەی دەمی چەقۆکە بە ئاسمانەوە بکرێتەوە گیڤەی کردو بەخێرایی لەداری کۆڵەگەکە چەقیو مشتووەکەی کەوتە لەرین.. ئەوسایش هەرسێکیان دایانە قاقای پێکەنین، (ڕۆزی) بەپرتاو بەرەو ستوونەکە ڕۆیشتو چەقۆکەی دەرهێناو بۆ براکەی گێڕاوە. ئەویش لێوەرگرتو لەنێو لەپە لەرزۆکەکەیدا دووبارە نوشتاندیەوە، جارێکی تریش ئاسمانی دایەبەر بزەو... دەی..!

دیسانەوە چەقۆکە بە حەوادا فڕیو سەرلەنوێ لەستوونە سوورەکەدا چەقییەوە.. دایک کەوتە خۆیو بەپەلە یارییەکەی پێ بەتاڵ کردنو وتی:

– بەدرێژایی ئەمڕۆ بەبێ ئیشو کار هەروەکو منداڵ لەگەڵ ئەم یاریو گەمە پرووپووچانەدا بە چەقۆکەت خەریکیت. دەی بە گورجی ڕاپەڕەو بکەوە سەر ئەو پێیانەت کە پێڵاو لەدوای پێڵاو دەدرن.. دەی هەڵسە..

بەسەر کوڕەکەیدا خۆی دانەواندەوەو هەردوو شانە داتەکاوەکەی گرتو بڵندی کردەوە، کوڕەیش وەکو ئەوەی بێگاری پێبکرێت بە پێکەنینێکی گەمژاویانەوە کەوتە سەرپێ، بۆ جارێکیتر دایکی بەسەریدا نەڕاندی:

– ئەی سەرکردەی تەمبەڵەکان باش گوێم بۆ ڕادێرە.. پێویستە لەسەرت کە ئەسپەکەی باوکت ئامادەبکەیتو زینی بکەیت، چونکی ڕێی (مۆنتێری)ت کەوتۆتەبەر... شووشە دەرمانەکەمان بەتاڵ بووەو تۆزقاڵێکیش خوێ لەماڵماندا نییە، ئەی چەقەڵەبادەم بە زووترین کات برۆو ئەسپەکە ئامادەبکە..

هەروەکو ئەوەی سەرتاپا جەستە خاوەکەی بهەژێت وەهابوو، لەبەرخۆیەوە کەوتە ورتە: (بۆ مۆنتێری.. ؟ من. ؟ بەتەنیا؟ زۆر باشە دایکە..)

دایکی بەتووڕەییەوە پێی وت:

– شەکەنێر وەها تێنەگەیت گوایە جلو بەرگ بۆ خۆت دەکڕیت.. نەخێر.. لەپارەی داوودەرمانو خوێ بەولاوە هیچی ترت بەچنگ ناکەوێت...

(بیبێ) بزەیەکی بۆکردو پرسی:

– دایکە پەراوێز بۆ کڵاوەکەم دادەنێیت. ؟

دەنگی زیاتر ڕوون بووەوەو درێژەی بە قسەکەی داو وتی:

– لەگەڵ دەستەسرە سەوزەکەدا..

دایکی وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ، گەر بەپەلە ڕۆیشتیتو بەبێ هیچ دەردەسەرییەک گەڕایتە دواوە ئەوا دەستەسڕە سەوزەکەت دەدەمێ، بە مەرجێک لەکاتی نانخواردندا داتکەندو نەتهێشت خۆراکی بکەوێتە سەر.

– بەڵێ دایکە. زۆر ئاگاداریی ئەوشتە دەبم.. من ئێستاکێ بوومەتە پیاو..

– تۆ پیاویت. ؟ نەخێر لە چەقەڵەبادەم بەولاوە هیچیتر نیت..

کوڕەکە بەرەو ژووری پشتیرە نیوە ڕماوەکە ڕۆیشتو گوریسێکی دەرهێناو بەرەو ژوور بەقەد تەپلۆسکاییەکەدا هەڵکشا تاوەکو ئەسپەکە بهێنێت،

لەپاشاندا بە سواری ئەسپەکە لەبەردەم دەرگەکەدا وەستا، زینە دارینە کۆنەکەی باوکی لە چەند لایەکی پێستە دڕاوو داڕزیوەکەیەوە ناوەخنی کەوتبووەڕوو. لەداری بەڕوو دروست کرابوو، ئەوسا دایکی شەپقە خڕە ڕەشـەکـەی بۆ هێنا کە پێستەیەکی باریکی پێوە ئالابوو، خۆی بۆ بەرز کردەوەو دەستەسڕە ئاوریشمە سەوزەکەی بەقەد ملیەوە پێچاند. چاکەتە کەتانییەکەی کەمتر لەپانتۆڵەکەی شۆڕدرابوو بۆیە خۆی تۆختر دەنوواند. شووشە دەرمانە گەورەکەو چەند پارەو پوولێکی زیوی خستە نێو مشتیەوەو پێی وت:

– ئەمە بۆ کڕینی داوودەرمانو خویێ.. هەروەها بۆ مۆم کڕین بۆ گیانی پاکی باوکت، بەڵام ئەمەی تریان بۆ کڕینی شەکرۆکەو نوقوڵ بۆ دوو منداڵەکە.. لەوانەیشە خاتوو (ڕۆدریگز)ی ئاشنامان بۆ شامی ئێوارێ داوات بـکـاتو شـەویش لەنێو پێخەفدا بتخەوێنێت.. بیستو پێنج جار سـەڵاو لەمریەی پاکیزە.. ئـەی ڕێویی گـەڕ من باشـدەزانم کە لە وێندەرێ بەدرێژایی وەخت بەرامبەر بەمۆمو وێنەی پاکمەندەکان دادەنیشیتو لەبەرخۆتەوە دوعاو نزا دەڵێیتەوە، بەڵام ئەم تەماشاکردنە زۆرانەت بۆ شتە جوانەکان بە دڵسۆزییەکی باش دانانرێن..

شەپقە ڕەشـەکـەی بـەتـەواوی سـەرە درێـژە قۆقزەکەیو قژەسەرە گفنەکەی داپۆشیو سیمای جـۆرە تـەمـەن درێـژیـیـەکی پێبەخشی.. ئەسپە چەمووشەکەیش هەر لە سمکۆڵاندابوو، دایکی زۆر بەباشی دیقەتی دەداو لەبەرخۆیەوە دەیوت:

– خودایە کوڕەکەم چەند قۆزو گەنم ڕەنگو باریکو قەدوباڵابەرزە..!

بـە دەنگێکی پـڕ لـەبـەزەییو میهرەبانییەوە هەڵیدایەو وتی:

– گەر بۆ دەرمان کڕین نەبووایە هەرگیز دڵم نەدەهاتو نەدەپۆشکا بەتاکو تەنیا ڕەوانەت بکەم، بەڵام بە باشی نازانم گەر داوودەرمان لە ماڵەکەماندا نەبێت، لە کاتێکدا نازانین کەیو چ وەختو ساتێک دەمو دانمان دەداتە ئێش یاخود گەدەمان دەئاوسێت، بەهەرحاڵ ئەم شتانەمان هەموو لەڕێدایە.

– دایـکـە خـوات لـەگـەڵ بـەزووتـریـن کات دەگەڕێمەوە، هەر کاتێکیش بۆ هەر کوێیەک ویستت بمنێرە، ئیتر من لەمەودوا پیاوم.

– بە تەنیا مریشکێکی دەبەنگیت.

بەسەر زینەکەوە خۆی قیت کردەوەو بەپەتکو جڵەوی لغاوەکە کێشای بە تەنگەی ئەسپەکەیداو دایەغار، بۆ جارێک ڕووی خۆی وەرگێڕایە دواوەو بینیی کە هەموو بەپێوە وەستاونو تێی دەڕوانن.. ئەمیلیۆو ڕۆزیو دایکیان هەموو دیقەتیان دەدا، ئەویش بەلەخۆبایییەکەوە دەستی بە پێکەنین کردو ئەسپەکەی دایە چوارناڵە.

کاتێک ڕێگە سەرەولێژییەکەی بڕی ئیتر لە نیگایان بـزربـوون دایـک ڕووی کـردە هەردوو بەچکە ڕەشـەکـەیو وەکو ئەوەی بۆ خۆی بدوێت لەبەرخۆیەوە وتی:

– کوڕەکەم دەبێت بە پیاو.. لەجێی خۆیەتی گەر ماڵەکە بۆ جارێکیتر زەلامێکی تیا هەڵبکەوێت.

چاوەکانی زیت کردەوەو بەدوو جگەرگۆشەکەی وت:

– بەرەو تاشە بەردەکان بکەونەڕێ، ئێستا کاتی داکشانی دەریایەو قاقلە جنۆکەیەکی زۆریشتان بەچنگ دەکەوێت..

دوو قولابی دابەدەستیانەوەو بەرەو ڕێگە سەر بـەرەوخـوارەکـەی کە دەگەیشتە تاشە بەردەکان هەردووکیانی بەڕێخستن لەپاشاندا گەڕایە دواوەو دەستارە بەردینە لووسەکەی ئامادەکردو لەپاین دەرگـەکـەوە دانیشتو دەستی کرد بە هاڕینی دانەوێڵە، جاروباریش دەیڕوانییە ئەو ڕێگەیەی کە کوڕەکەی پێداڕۆیشت.

نـیـوەڕۆ داهــاتو لـەدواییشدا دەمـەو عەسر هاتەپێشەوە، دوو منداڵەکەیش بەردەوام بوون لە لێدانی قاقلەجنۆکە بە بەرد بە مەبەستی دەرهێنانی ناوەخنیان تا دایکیان بیشێلێتو بیکاتە گیراوە.. هەموو شامی ئێوارێیان کردو خۆری سووریش وردەوردە دەچوو بە ناخی ئۆقیانووسدا.. هەموو بە

تەنیشت دەرگەکەوە دانیشتن‌و دەیان ڕوانییە مانگی زیوینی گـەورە کە هێدی هێدی بەسـەر لوتکەی چیاکانەوە هەڵدەکشا، دایک کەوتە قسەو وتی:

– لـەوانـەیـە ئێستاکێ لـە مـاڵـی ڕۆدریگزی ئاشناماندا بێت‌و خۆراکی زۆری دەرخوارد بدات. بەدووری نازانم دیارییەکیشی بداتێ..

ئەمیلیۆ لە ئاستی خۆیەوە دەمی هەڵهێناو وتی:

– ڕۆژێک لەڕۆژان منیش سواری ئەسپ دەبم‌و بۆ داوو دەرمـان بەرەو مۆنتێری بەڕێ دەکەوم.. دایکە ئەمرۆ بیبێ بۆتە پیاوێکی تەواو.!

دایک بە دنیادیتەییەوە وتی:

– کوڕ نابێت بە پیاو گەر پێویستییەک لەئارادا نەبێت، ئـەم قسـەیەت باباش لەیاد بێت.. گەلێک منداڵ‌و مەزمی تەمەن چلو پەنجا ساڵیم کەوتۆتە پێش چاو..

پاش ماوەیەک هەموو بۆ نوستن کەوتنە خۆیان، جێگەی دایـک کە لـەداری بـەڕوو دروستکرابوو کەوتبووە سووچێکی ژوورەکە، ئەمیلیۆو ڕۆزیش لەنێو دوو سەنووقی پڕ لەپۆش‌و پەڵاشدا لە سووچی ئەوبـەرەوەی ژوورەکـەدا نوستن، مانگەشەوەکە زیـاتر بـەرەو ئاسمان هەڵکشاو شەپۆلەکانیش زیاتر لە شڵپ‌و هوڕدا بوون.. کەڵەشێر دایە یەکەم قووقە.. لەدواییشدا شەپۆلەکان ئارامیان گرت‌و دەنگیان وەکو چرپەی لێهات.. مانگەکە بەرەو دەریا شۆڕبووەوەو کەڵەشێریش بۆ جارێکیتر کەوتەوە قووقە. لەو کاتەیدا کە مانگ خەریک بوو بلکێت بە ئـاوی دەریـاوە، بیبێ بە سـواری ئەسپەکەی گەڕایەوە. سەگەکەیان بە کلکە لەقێ‌و هەڵبەزودابەز بەدەوروبەری ئەسپەکەوە دەسووڕایەوە، کوڕە لە ئەسپەکەی دابـەزی، کەپرە بچکۆلانەکەیش لەنێو تریفە زیوینەکەدا نوقوم ببوو، سێبەری ڕەشی کوڕەکە بە باکورو ڕۆژهـەڵاتدا دەهـات‌و دەچوو، شاخە سەرکەشـەکانی ڕۆژهەڵات ئاوێتەی تەمومژ ببوون، وەها دەهاتنە پێش چاو گوایە لوتکەکانیان بە ئاسمانەوە تووابێتنەوە.. بیبێ بەسەر سێ پلیکانەکەی بەردەم کەپرەکەدا سەرکەوت، ماندوێتی بەڕەنگو ڕوویـەوە دیاربوو، چووە ژووره تاریکەکەوە، لە پڕخەیەک بەولاوە کە لە سووچێکەوە بەرزبووەوە هیچی تری نەکەوتە بەرگوێ.. لەپڕ دەنگی دایکی لەنێو جێگەکەیەوە بەرزبووەوەو وتی:

– ئەوە کێیە هاتووە.!؟ کوڕم ئەوە خۆتی. ؟

– بەڵێ دایکە خۆمم.

– داوودەرمانەکانت هێنا. ؟

– بەڵێ دایکە..

– زۆرچاکە. ئێستا بەرەو جێگەکەی خۆت بڕۆ، وەهام دانابوو کە ئەم شەو لە ماڵی خاتوو ڕۆدگریز بەریتەسەر.

بیبێ بەبێ دەنگی لەنێوەڕاستی ژوورەکـەدا بەپێوە ڕاوەستا، وەکو ئەوەی لەجێی خۆیدا چەقیبێت وەهابوو.

– ئەم ڕاوەستانەت مانای چی دەگەیەنێت. ؟ وەها دیارە خواردووتەتەوە.!

– بەڵێ دایکە.

– قەیدی نییە.. ئێستاکێ برۆ سەر جێگەکەی خۆت‌و بنوو تاکو لەسەرت دەردەچێت.

بە دەنگێکی لەرزۆکی پڕ لە ماندوێتییەوە وەڵامی دایەوەو وتی:

– مۆمەکە داگیرسێنە.. وەها چاکە بەرەو چیا هەڵبێم.

– ئەمە مانای چییە. ؟ دەڵێی شێت بوویتە.!

دایکی هەڵساو بەتەڵە شخاتەیەک مۆمەکەی تەنیشتی جێگەکەی داگیرساند.

– ئێستا بۆمی ڕوون بکەوە ئەم شتە چییە کە دەیڵێیت. ؟

بەدڵەڕاوکێوە تەماشای کوڕەکەی کردو بینی کە بە تەواوەتی ڕەنگو ڕووی هەڵبزرکاوەو چەنەی گرژ بۆتەوەو دەم‌و پلیشی داوە بەیەکا، بەڕادەیەک بـزەو خـەنـدەو شـەرمیـان لـێ هـەڵگیراوە.. کوڕە بە دەنگێکی لاوازەوە هەرچییەکی بەسەرهاتبوو هەموو ڕووداوەکانی بۆ دایکی گێڕایەوە.. باسی کرد کە چۆن چەند کەسانێک هەڵیانکوتایە ژووری چێشت لێنانی خاتوو رودریگزەوەو خواردیانەوە

تاوەکو مەستو سەرخۆش بوون، لەپاشانیشدا پێکدادانێکی بێ مانا ڕوویدا، یەکێک لە پیاوەکانیش خۆی لەم نزیکدەکاتەوە، ئەمیش دەستی دەگەیەنێتە چەقۆکەی‌و بەبێ ئاگاییەکی زۆر هەر لەخۆیەوە دەمی چەقۆکەی دەردەپەڕێتو دەکەوێتەکار.. دەم‌و چاوی دایکی گرژ بووەوەو زیاتر بە مۆنی‌و لاوازییەوە گوێی بۆ قسەکانی کوڕەکەی شلکرد. بیبێ هیچ شتێکی نەکەوتەوە یاد زیاتر لەوەی بڵێت:

– دایکە ئێستا من بوومەتە پیاو، کابرایش گەلێ قسەی ناشیرین‌و نابەجێی پێکردم‌و منیش لەتوانامدا نەبوو قووتیان بدەم‌و چاوپۆشیی لێبکەم..

دایکی سەرێکی بۆ لەقاندو وتی:

– ئێستا بوویتەتە پیاو ئەی کوڕە بچکۆلانە بەستزمانەکەم، هەر لەو کاتەوەی کە ستوونەکەت دەدایەبەر چەقۆ دڵم داخورپاو کەوتمە دڵەڕاوکێ..

بۆ تاوێک ڕووخساری ڕۆشن بووەوە، بەڵام کەوتەوە گرژی‌و مۆنییەکی پێشووی..

– دەی! با ڕۆیشتنەکەت جێ بەجێ بکەین.. زووکەو بکەوەخۆت.. ئەمیلیۆو ڕۆزیش لەخەو هەڵسێنە. بەپەلە بڕۆو لێی مەوەستە.

بیبێ بەرەو ئەو سووچەی کە خوشکو براکەی لێدا نوستبوون هەنگاوی نا، بەئاستەم ڕایانی وەشاند:

– ڕۆزی... ئەمیلیۆ... هەڵسن...

هەردوو منداڵە ڕەشەکە لەخەو ڕاپەڕین‌و چاوی خۆیان لەبەر ڕۆشنایی مۆمەکەدا هەڵگڵۆفت.. دایکیان بە شپرزەییەوە هاواری کرد:

– ئەمیلیۆ. زوو بڕۆ ئەسپەکە بۆ براکەت بگرەو بەپەلە بکەوە خۆت.

ئەمیلیۆ هەردوو لاقی خستە نێو شەرواڵەکەیەوەو بەلەترە لەترو چاو خەواڵوییەوە دەرچووە دەرەوە. دایکی پرسیاری ئاراستەی بیبێ کردو وتی:

– بەرێگەتەوە کەست بەدووی خۆتەوە بەدیکرد.؟

– نەخێر دایکە، بەباشی گوێم ڕایەڵ کردو کەسم نەکەوتە پێش چاو کە شوێن پێم هەڵگرێت.

ئافرەتەکە وەکو باڵندە لە ژوورەکەدا کەوتە جموجۆڵ‌و مەتارەیەک ئاوی بە بزماری دیوارەکەوە داگرتە سەرزەوییەکە، بەتانییەکی بەسەر جێگەکەوە ڕاپسکاندو لوولیداو بە پەتکێک شەتەکیدا. لە سەنووقی تەنیشتی ئاگردانەکەوە چەند پارچە گۆشتێکی سوورەوەکراوی دەرهێناو ئەوسا ڕوویکردە کوڕەکەی‌و پێیوت:

–چاکەتە ڕەشەکەی باوکیشت لەبەربکە.

بیبێ لەنێوەڕاستی ژوورەکەدا بەپێوە وەستابوو دەیڕوانییە دایکی کە دەستی بردو لە پشتی دەرگەکەوە تفەنگێکی کۆنی دەرهێناو خستیە ژێر هەنگڵیەوەو هێنای، بەدەستەکەی تریشی پریاسکەیەکی لە پێستە دروستکراوی هەڵگرتبوو کە چەند فیشەکێکی تێدا دەرهێناو ژماردی‌و لەپاشاندا وتی:

– لەدە دانە فیشەک زیاتری تێدا نەماوە. ئاگاداری بەو بەفیڕۆی نەدەیت.

ئەمیلیۆ لە دەرگەکەوە سەری دەرهێناو وتی:

– دایکە هەموو شتێک تەواوبووە.

دایک قسەکانی ئاراستەی کچەکەی کردو وتی:

– ئەسپەکە زین بکەو لەپاشاندا بەتانییەکەو کیسە گۆشتەکەیش بەسەریەوە توند بکە.

بیبێ بەواق ورمانەوە دەیڕوانییە دایکی، چەنەی ڕەق هەڵگەڕابوو، لچە نەرمەکەیشی شۆڕببووەوە، بڕوای بەو هەموو شتانە نەدەکرد کە بەبەرچاویەوە دەیبینی، ڕۆزی بەساکاریی منداڵانەوە پرسیاری ئاراستەی دایکی کرد:

– بیبێ بۆ کوێ دەڕوات!؟

ئەویش چاوی زیت کردەوەو وەڵامی دایەوە:

– بیبێ بۆ گەشتێک بەڕێ دەکەوێت.. بۆتە پاڵەوان‌و کاروباری پیاوانەی کەوتۆتەڕێ‌و دەبێت جێبەجێی بکات.

بیبێ خۆی ڕاستکردەوەو ڕواڵەتی دەموپلی خۆی گۆڕی‌و وەکو دایکی لەخۆی کرد.. هەموو شتێک ئامادەو تەواو ببوو. ئەسپەکە بە خۆی‌و بارەکەیەوە لە دەرەوەدا بە بەردەم دەرگەکەوە وەستابوو، مەتارە

ئاوەکەیش بەردەوام ئاوی لێدەتکایەوەو شانو ملی ئەسپەکەی تەڕکردبوو. تریفەی مانگەشەوەکەیش بەرامبەر ڕووناکیی بەرەبەیانەکە کشابووەوە، خێزانەکە هەموو بە تەنیشتی کەپرەکەوە بەپێوە وەستابوون، دایک بە کوڕەکەی وت:

– بەباشی تەماشای دەوروبــەری خــۆت بکە ڕۆڵەکەم.! هیچ مەوەستەو ئاگاداریی ئەسپەکەیشت بکە نــەوەک لە ئاکامی ماندوێتیدا پەکی بکەوێت یاخود بپسێت، ئەوەیشت لەبیر نەچێت کە ئاگاداری گوللەکانت بیت، چونکی بــە تەنیا دە فیشەکت پێیە، هــەروەهــا گــەدەت پڕ نەکەیتو نەخۆشیش نەکەویت، بەڵکو لەگەڵ ســەوزیدا بڕێکی لێبخۆ، کاتێک گەیشتیتە لوتکەی چیا نەکەیت لە چەکدارو پاسەوانان نزیکبکەویتەوەو قسەیان لەگەڵدا بکەیت، نوێژەکانیشت لەبیر نەکەیت..

پاش ئەم ئامۆژگاریانە دەستی تەڕی عارەقاویی خستە سەرشانی کوڕەکەیو خۆی بڵندکردەوەو کــەوتــە ســەرنوکی پــەنجــەو هـــەردوو ڕوومەتی کوڕەکەی ماچکرد، ئەویش بەهەمان شێوە هەردوو ڕوومەتی دایکیو ئەمیلیۆو ڕۆزی ماچکرد. بەلای دایکیدا ڕووی خۆی وەرچەرخاند وەکو ئەوەی بێ ورەییو دڵناسکیی خۆی بنوێنێت، دەمو چاوو ڕووخساری دایکی مەیی بوونو هەردوو چاوانیشی بێ پەروا لە پشکنیندابوون.

– هەر ئێستا بکەوە خۆتو بڕۆو لێی مەوەستە، نەبادە وەکو مریشک بکەن بە پەڕوباڵتدا.

بیبیێ بەسەر زینەکەوە هەندێک جووڵەی کردو وتی:

– من پیاوم.

تاریکو ڕوونی بەرەبەیان بوو، کاتێک بەرەو گردەکە کەوتەڕێ، لە پاشانیشدا تیلماسکە ڕێیەکەی شێوەکە بــەرەو ڕووی چیاکانی دەبــرد، تاریکو لێڵی شەو لەگەڵ ڕووناکیی سەرلەبەیاندا هەمیشە لە ململانێدا بوونو دەرفەتیان بەڕوانینێکی ڕوونو ئاشکرا نەدەدا.. پێش ئەوەی چەند سەد هەنگاوێک ڕێ ببڕێتو بچێتە نێو شێوەکەوە، وەکو تارماییەکی بۆر خۆی دەنووواند.

دایک زۆر بە پەشۆکاوییەوە لەبەردەم کەپرەکەدا بــە پێوە وەســتــابــوو، هــەردوو بەچکەکەیشی بە تەنیشتیەوە جــاروبــار بــە قــورنــەی چــاو تێیان دەڕوانـــی، کاتێک تــارمــایــی کــوڕەکــەی ئاوێتەی تەمومژی گردەکان بوو لەبەرچاو ونبوو، هەستی بە حەسانەوەو دڵنەوایی کرد. دەستی کرد بە لوشکە لوشکو پرمەی گریان:

– کـــوڕە جــوانــکیــلــەو ئـــازاکـــەمـــان.. کـــوڕە پارێزەرەکەمان.. ڕۆڵە جوامێرەکەمان ڕۆیشت...

دەنگی گریانی بەرز بووەوەو لە پاشاندا هێور بـــووەوەو چووە نێو کەپرەکەو دەرگــەی لە خۆی داخست.

ئەمیلیۆو ڕۆزی لەژێر تیشکی کزی بەرەبەیانەکەدا بە مەلوولیو زەبوونییەوە وەستابوونو گوێیان بۆ گریانە بە کوڵەکەی دایکیان لەنێو کەپرەکەوە ڕادەدێــرا.. بەبێ دەنگیو شــان بەشانی یەکتری کەوتنەڕێ تا گەیشتنە تاشەبەردەکانی کەناری دەریاو بەجووتە پێکەوە دانیشتن، پاش ماوەیەک ئەمیلیۆ پرسیاری لە خوشکەکەی کرد:

– بیبیێ لەکەیەوە بۆتە پیاو؟

– لە دوێنێ شەوەوە کە لە مۆنتێریدا بوو!

هەوروهەڵاتی ســەر دەریاکە ڕەنگی سووری ئەو خۆرەتاوەیان لێنیشت کە لە پشتی چیاکانەوە تیشکی دەهاویشت.

– سبەیش نانی بەیانیمان وەکو ئەمڕۆ ناخۆینو چیتر دایکمان چێشت نانێتە سەر ئاگر..

ئەمیلیۆ ئەم وردە گلەییانەی کردو خوشکەکەیشی وەڵامی نەداوە.. دووبارە کەوتەوە پرسیارو وتی:

– بیبیێ بۆ کوێ چووا!؟

ڕۆزی تێی ڕووانـــیو وەک ئـــەوەی لــە کزەبا ساردەکەوە هەواڵی زانیبێت وتی:

– ڕۆیــشــتو بــە یــەکجــارەکــی ســـەری خــۆی هەڵگرتو.. چیتر ناگەڕێتە دواوە..

– گوایە وەهای تێدەگەیت کە مرد؟

ڕۆزی دووبارە سەیری ئۆقیانووسەکەی کرد،

کەشتییەکی بچووک هێلی دووکەڵێکی باریکی بەسەر ڕووی ئاوەکەوە دەلکاند..
– نەخێر نەمردووەو تاکو ئێستایش ماوە.

* * *

بیبێ بەبێ ئەوەی ئاوڕبداتە دواوە، تفەنگەکەی خستبووە سەر زینەکەوە، ئەسپەکەیش لەسەرخۆ بە گردەکەدا سەردەکەوت، زەبەنێکی چڕوپڕیش سەرەولێژیە بەردەڵانەکەی لەملاو لەولادا داگیر کردبوو، ئەسپەکە گەیشتە پێچێکو لەدواییشدا لە دەربەندی دۆڵێکی گەورە نزیکبووەوە، کوڕە بەسەر زینەکەوە ڕووی وەرگێڕایە پاش خۆی، بەڵام تەمومژەکە بە تەواوەتی چەند کەپرێکی قووتدابوو، ژەنییە ملی ئەسپەکەوەو گەیشتنە نێوەندی دۆڵەکە، ئەسپەکە سەرو ملی درێژ کردو پرمەیەکی کردو ملی ڕێگەکەی گرتەبەر، ڕێگەیەک کە پڕ بوو لە چاڵو چێڵو خاکو خۆڵو گەڵای وەریوی دارودرەختەکان. تاوێرە بەردە تێکشکاوە گەورەکانیش پەرشو بڵاو ببوونەوە، ڕێچکە ڕێیە باریکەکە بە لێواری دۆڵەکەدا بایدەدایەوەو لە پاشانیشدا سەربەرەوخوار دەگەیشتە جۆگەلە ئاوێک، لە تەنکاوییەکانیدا بە مەنگیی‌و دیودەری بەڕووی ڕووناکیی ئەو سەرلەبەیانییەدا بریقو باقی بوو، لەنێو تەنکاوەکاندا زیخو چەو بەڕەنگی ژەنگاریی بەڕووی خۆرەتاوەکەدا خۆیان دەنواند، بەسەر نەرمە قومی کەناری جۆگەلەکەوە بڕکی پونگە کێوی ڕوابوون، چەند دارێکیش بەسەر نەرمە گیاکانەوە بە سووتاویی وشک هەڵگەڕابوون، ڕێیەکە دەیدا بەنێو ئاوەکەداو لەوبەرەوە دەردەچوو، ئەسپەکە دای بەنێو ئاوەکەداو کوڕەکەیش جڵەوی بۆ شلکردبوو، گیانلەبەرەکە سەری داگرتو بینی نا بە ئاوەکەداو تینوێتیی خۆی شکاند.

لاتەنیشتی دۆڵەکە زۆر سەرەولێژ بوو، داری تەختەسوورەکان بە زەبەلاحی وەکو پاسەوانی ڕێگەوبانەکان دەرکەوتن.. دارەکان گەڵایەکی سەوزی زۆریان بەقەدەوەبوو، زۆر ئەستوورو بەرزو بڵند هەڵکشابوون، کاتێک بیبێ کەوتە نێویانەوە بە تەواوەتی تیشکی خۆریان لێبڕی‌و بەتەنیا تیشکێکی پەمەیی بەنێو ڕەنگە سەوزەکاندا بڵاوببووەوە، بەتەنیشتی جۆگە ئاوەکەوە داری تووترک و گژنیژە ڕیزیان بەستبوو، لە ژووریشدا لق‌و پۆی داری تەختەسوورەکان تێکچرژابوون‌و ڕووی ئاسمانیان لەچاو بزرکردبوو، بیبێ لە مەتارە ئاوەکەی خواردەوەو دەستی بردو پارچە گۆشتێکی باریکی سوورەوەکراوی لە گرێکەی دەرهێناو کەوتە قەپ پیاگرتن‌و جوینی، تاونەتاوێکیش قومێک ئاوی بەسەردا دەکرد، هەردوو چاوە بچکۆلانەکەی بە کزیی‌و ماندوێتییەوە دەیانڕوانی، بەڵام سیمای دەموچاوو ڕووخساری هەر لەگۆڕدابوون. تۆزو خۆڵی ڕەشی سەر ڕێگەکە لەژێر پێی ئەسپەکەدا ترپەی دەکرد، سەرەولێژیی جۆگەلەکە زیادی کردو ئاوەکەیش بەخێرایی‌و بەخوڕ دەیکێشا بەقەد بەردەکاندا، گەڵای سەوزی دارەکان شۆڕببوونە خوارەوە، هەردوو پێی کوڕەکە بەملاو بەولای ئەسپەکەدا شۆڕببوونەوەو تەکەتەکیان بوو، گەڵا کەرەوزە کێویلکەیەکی تەڕی بەدەستی ڕاپسکاندو بردی بۆ دەمی خۆی، ئەویش لە پێناوی گۆڕینی تامی گۆشتە جیڕەکەی نێو دەمی، زۆر بەشل‌و شاوی تفەنگەکەی بەدەستەوە گرتبوو، لەپڕ کەوتەخۆی‌و تاوی لە ئەسپەکەی داو پشتی دارێکی گەورەی گرت، زۆر بە توندی جڵەوی ئەسپەکەی بەدەستەوە گرت نەوەکو ئەسپەکەی بداتە حیلکە، دەموچاوی بە تەواوەتی گۆڕاو هەردوو کونە لووتی کەوتنە لەرزین.. لە خوارووی ڕێگەکەدا ترپەی پێی بەرزە وڵاخێکی هاتەبەرگوێ، کابرایەکی قەڵەوی ڕوومەت سووری ڕیش سپیی بەسواری ئەسپێکەوە کەوتەپێش چاو، ئەسپی کابرا ملی لارکردبووەوەو هەر پرمەپرمی بوو، ئەسپ سوارەکە گەیشتە ئەو شوێنەی کە بیبێی لێ بزربوو، نەڕاندی بەسەر ئەسپەکەیداو وەستاندی‌و هەندێک سەری هەڵبڕی‌و خۆی قیت کردەوەو تەماشای ئەملاو ئەولای خۆی کرد، دووبارە کەوتەوە ڕێبڕین. بیبێ تفەنگەکەی هەڵبڕی‌و فیشەکێکی خستەبەری‌و پەنجەی خستە

سەر پەلەپیتکەکەیەوە، بۆ هەموو پێشهاتێکی ناهەمواری لابەلا خۆی ئامادەکردبوو..

جۆگەلەکە زیاتر سەرەولێژ بووەوە، دیمەنی داری تەختە سوورەکانیش بچووک بوونەوەو لقو پۆکانیشیان کەوتنەبەر زەبروزەنگی ڕەشەباکە، ئەسپەکە زۆر لەسەر خۆی هێدی هێدی ڕێگەکەی دەبڕی، خۆرەکەیش وردەوردە هەڵدەکشا تاوەکو لەدەمەو عەسردا دابکشێت، بیبێ لەو شوێنەی کە جۆگەلەکەی لێوە دەردەچوو دۆڵەکەی بەجێهێشت، دابەزیو ئەسپەکەی ئاوداو مەتارەکەیشی پڕ ئاو کرد، لەو شوێنەیدا کە ڕێگەکە لە جۆگەلەکە جیا دەبووەوە، دارەکان نەدەمانو لە چەند بنچکێکی کێویلە بەولاوە هیچ داروەدەوەنێک بەملاو بەولای ڕێگەکەوە نەدەبینران، لەبری خاکو خۆڵە ڕەشەکەیش بەتەنیا بەردی شکاوی ورد، بەری ڕێگەکەیان داگیرکردبوو، مارمێلکەکان لە دەنگی خرمەی بەردی ژێر پێی ئەسپەکە دەسلەمینەوەو بەنێو زەبەنەکاندا خشەیان دەکرد.. کورە بۆ جارێکیتر ڕووی خۆی وەرگێڕایە دواوە، کەوتە پێ دەشتییەکی ڕووتەنییەوەو هەر لە دووریشەوە دەبینرا.. سەرلەنوێ ناوچەکە بوو بە هەڵدێرو هەڵەتێکی سەخت، لەو شوێنەیدا کە ڕێگەکە وەکو مار پێچاو پێچ بەنێو تاشەبەردە خڕە قەبەکاندا بەرەوخوار دەبووەوە، لە دەنگی ڕەوینەوەی کەروێشکە کێوییە بۆرەکان بەولاوە هیچی تر نەدەبیسترا، هەروەها باڵندەیەک بە دەنگێکی باریکو درێژ قیراندیو بەرەو ڕۆژهەڵات هەڵدەفڕی، لوتکەی چیا ڕوتە سەرکەشە بەردینەکان، وشکو برینگ لەژێر تیشکی خۆرەتاوی سوتێنەردا دەبینران.

ئەسپەکە بەردەوام بەرەو گژوگیای چیاکە سەردەکەوت، بیبێ تاونەتاوێک بە چاوی پڕ لە گومانەوە دەیڕوانییە، پاش خۆیو چاوی دەبڕییە لوتکەی چیاکان.. لەنێو ڕوتەنییەکی سپی باودا چاوی بە تارماییەک کەوتو بەپەلە ڕووی خۆی لێوەرگێڕاو بە یەکێک لە پاسەوانەکانی تێگەیشت.. کەس نەیدەزانی ئەو پاسەوانانە کێنو کوێندەرینو داڵدەیان لە کوێدایە.؟!، بەڵام وەها چاکە ڕووی خۆتیان تێنەکەیتو خۆت لە ئاستیان گێل بکەیت، لە کاتێکدا ئەوانیش گوێ بە هیچ ڕێبوارێک نادەن گەر بەبێ مەڵامەت بەڕێی خۆیەوە بڕوات، بایەکە وشک هەڵگەڕاو تێکەڵ بە خۆڵی لاپاڵەکانی چیاکە بوو، کوڕە ناچاربوو دەمی بنێت بە دەرکی مەتارەکەوەو قومێک ئاوی لێبخواتەوە، لە پاشانیشدا بە توندی دەمی مەتارەکەی گرتو بەقەرپۆزی زینەکەوەی بەست، ڕێچکە ڕێیەکە بەرەو لاپاڵی گردێکی بەرزی خاکو خۆڵ خاوی بردو لە هەڵدێرو چاڵو چێڵەکانی پاڕاست. تا نەگەیشتە دەربەندە تەسکەکە ئاوڕی لەدوای خۆی نەدایەوە. بەهەرحاڵ هیچ پاسەوانێکی بەدووی خۆیەوە نەبینی، دەوروبەری ڕێگەکە بە کۆتەرەداری تەختە سوورەکان تەنرابوون، کوڕەی یاخیو هەڵاتوو دەربەندی شاخەکەی بڕیو ماندوێتی هەرەسی پێهێنابوو، هەر ئەوەندەی مابوو هەردوو چاوە وردیلەکانی وێک بنێت، بەڵام سیمای کۆڵنەدانو پیاوەتی بە ڕووخساریەوە دیاربوو، ڕەشەبای چیا بڵندەکە دادەکشاو دەینەڕاندو بەنێو دەربەندەکەدا هاژەی دەکردو لەسەر تاشەبەردە گرانیتیە قەبەکاندا پەرش دەبووەوە، هەڵۆیەکی کلک سوور بە حەلحەلەی ئاسمانەوە سووڕی دەخواردەوەو بە تووڕەییەوە قیراندیو بەرەو دەربەندەکە داکشا، کوڕە بەردەوام بە ئاگاداریو وتو وریاییەکی زۆرەوە دەیڕوانییە، دەوروپشتی خۆی، ڕێگەکە بەنێو تاشەبەردە شکاوەکاندا بەرەوخواری کردەوە، تا گەیشتە کۆتایی سەرەولێژیەکە، هەموو ئەو کەندەڵانو گژوگیاو داروەدەوەنانە ناوچەکەیان تاریک هەڵگەڕاندبوو.

بەوبەرەوە عەردێکی ڕووت بە دەورو بەری بێشەڵانێکدا دیاربوو، لە پشتەوەیش شاخێکی ڕووتەنیی بە درکو داڵێکی ڕەشی تینوو پۆشرابوو، هەرکە بایە وشکەکە دەمو لێوی هەڵپرۆکاند مژێکی کرد بە مەتارە ئاوەکەدا، ئەسپەکەیش بۆ ئەوەی پێی هەڵنەزنێتو ساتمە نەکات، بە ترسو لەرزێکی زۆرەوە بە ڕێگە باریکە ئەسکەکەدا شۆڕدەبووە

خوارەوەو وردە بەردی دەتلاندە نێو بێشەڵانەکەوە، لە پشتی چیاکانەوە خۆرەکە لەئاوابووندابوو، تیشکی دەهاویشتە سەری دارەکانو نووکی تەپۆلکەکان... بۆ ساتێک چاوی هەڵبڕیو تارماییەکی تۆخی کەوتە بەرچاو.. جەستەی زەلامێکی بینی کە بەسەر تاوێرێکەوە وەستابوو بەپێوە، بەڵام ئەم خۆی لێ گێل کردو ڕووی خۆی لێوەرگێڕا نەوەک گومانی بچێتەسەر، کاتێک بە قورنەی چاو بە دزییەکەوە تێی ڕووانی بۆی دەرکەوت کە لە جێگەکەی خۆیدا نەماوەو بزر بووە.. ڕێگە سەربەرەوخوارەکەی بڕیو ئەسپەکەیش بەردەوام جێ پێی خۆی بەدی نەدەکردو پێی دەخزا، گەیشتە نێوەندی دۆڵە پڕ لەدارە چڕەکان، بەدەستی چەپەی تفەنگەکەی هەڵبڕی بوو، بەدەستی ڕاستەیشی خۆی لەگەڵای تیژی دارەکان دەپاراست، بەرزاییەکەی بڕیو چووە نێو قووڵاییەکەوە کە گەڵێ داری خڕی تێدا ڕووابوو، بە باشی ڕێیەکەی پشکنیو گوێی لە چرپەی هیچ جووڵەیەک نەبوو، ژەنییە ملی ئەسپەکەیەوەو خۆی لەو ڕاستەڕێیە دەربازکردو لە هێڵێکی سەوز نزیک بووەوە، بینیی کەلەسەردا ئاوی کانییەک دەچۆڕێتەوەو دەکەوێتە نێو گۆماوێکی قووڵەوە.. مەتارەکەی لەئاو پڕ کردو ئەسپە تینووەکەیشی بەجێهێشت تا تێرو پڕ ئاو بخواتەوە، پاشان بەرەولای دارێکی برد، دوور لە نیگای هەر کەسێک جڵەوەکەی لێکردەوەو فڕێی دایە سەر زەوییەکە، بەرزە وڵاخەکەیش بەردەوام دەموقەپۆزی دادەپچڕیو باوێشکی دەدا، بە گوریسێک سەروملی بەدار بەڕوویەکەوە بەستەوە تا بە ئارەزووی خۆی بکەوێتە لەوەڕ، بەرەو زینەکە ڕۆیشتو پارچە گۆشتێکی سوورەوەکراویتری دەرهێناو بەرەولای یەکێک لە دارەکانی لاتەنیشتی جەنگەڵەکە ڕۆیشت تاوەکو چاودێریی ڕێگەوبانەکان بکات، لەسەر گەڵا وشکە وەریوەکانی دار بەڕووەکاندا دانیشتو دەستی بۆ چەقۆ ڕەشە گەورەکەی برد، بەڵام نەهاتە دەستی، ئەوسا خۆی خستە سەر ئانیشکو دەستی کرد بە قەپلێدانی گۆشتە وشکە جیرەکە، بێ ئاگاییەکی گەمژاوییانە ڕووخساری داگرت.

تریفەی مانگە شەوە هەست بزوێنەکە لوتکەی چیاکانی ڕۆژهەڵاتی داپۆشی بوو، بەڵام تاریکو نتوکییەکی چڕ نێو شیوو دۆڵەکانی گرتبووەوە، لەنێو گردەکانەوە کۆترێک بەرەو کانیاوەکە هەڵفڕی. باڵندەی کورکورێکیش لەنێو زەبەنەکەوە فرکە فرکی کرد، هەروەکو ئەوەی شتێک بانگبکات، بیبێ بەلاچاوی لە پێچیە چڕەکەدا شتێکی کەوتە پێش چاو کە بە ئاسپایی دەڕۆیشت، بە هێواشییەکەوە ڕووی خۆی تێکردو بینیی کە پشیلە کێوییەکی خاڵخاڵاوییەو سکی بەزەویەکەوە نووساندووەو بەرەو کانیاوەکە دەجووڵێت. تفەنگەکەی هەڵبڕیو بە ئاگادارییەکی زۆرەوە چاوی بڕییە ڕێگەکەو لە پاشاندا تفەنگەکەی گێڕایەوە شوێنەکەی خۆی، چڵەدارێکی بچووکی کردەوەو هاویشتیە پشیلەکە، کورکورەکەیش وەکو دەریا هاژەی کردو هەڵفڕی، پشیلەکەیش لەسەر هەر چوارپەلی قیت بووەوەو چاوە زەردە ساردەکانی لێ مۆن کردەوەو بە ڕێڕەوی ئاوەکەدا پاشەکشەی کرد، نیوەشەوێکی تاریکو نتوک لە دۆڵە قوڵەکەدا داهاتو کورەیش دەستی کرد بە دوعاو نزاو لە دواییشدا خەوێکی قووڵ بردییەوە.. مانگەکە بەرز هەڵکشاو نێو دۆڵەکەی ڕوونکردەوە، شنەباکەیش هەڵیکردو لاپاڵی چیاکانی داگرت، کونەبویەک بێوچان لە بەرزیو نزمیدا بوو بەدووی کەروێشکە کێویدا وێڵ بوو، گورگێکیش لە نشێوێکدا لووراندی، دار بەڕووەکانیش بەدەم کزەبا ساردەکەوە کەوتبوونە چرپە.. لە دەنگی حیلەی ئەسپەکەی خۆی ڕاپەڕیو بەباشی گوێی ڕایەڵکرد، مانگەشەوەکە بەرەو لوتکەکانی ڕۆژئاوا دادەکشاو دۆڵەکەی بە تاریکی بەجێدەهێشت، بە پەشۆکاوییو شپرزەییەوە بە چینچکەوە دانیشتو تفەنگەکەی بەدەستەوە گرت، لەدوورڕا بەسەر ڕێگەکەوە دەنگی حیلەو خرمەی پێی بەرزەوڵاخێکی بەسەر بەردە شکاوەکانەوە بیست.. بەیەک بازدان خۆی خستە سەرپێو بەرەو ئەسپەکەی ڕایکرد، سەرە

چەمووشەکەی گرتو لغاوی کردو بە توندو تۆڵییش زینەکەی لێنا، دەستی درێژکرد بۆ دڵنیایی بوون لەمانی کیسەکەو مەتارە ئاوەکە، خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەو بەرەو ڕێگە تاریکەکە ڕۆیشت، گەیشتە سەر ڕێگەیەک هەڵدێرو بەرزیی‌و نزمیی‌و تاشەبەردێکی زۆری تێدا بەدی دەکرا. دەستی هەڵبڕی تا لەبوونی شەپقەکەی سەری دڵنیابێت، بەڵام نەکەوتە بەر دەستی‌و لەژێر دار بەڕووەکەدا بەجێی هێشتبوو، ئەسپەکە بە لەترەلەتر گەیاندیە سەرووی ڕێگەکە. کازیوەی بەرەبەیان دەرکەوت، دۆڵەکە ڕەنگی خۆڵەمێشیی لێنیشت، پەتکی ئەسپەکەی بەقەرپۆزەی زینەکەوە بەست تاوەکو وڵاخەکە بە ئارەزووی خۆی بۆ هەر کوێیەک مەبەستی بێت بڕوات، بەو شێوەیەیش جڵەوی بۆ ئەسپەکە بەجێهێشت، گژوگیاکە بەرز ببووەوەو هەردوو لاقیان بەسەر ئەسپەکەوە دەسمی، تەنانەت دەلنگێکی شەرواڵەکەیان تائەژنۆی دادڕی.. ڕووناکیی سەرلەبەیان لوتکەکەیان داگرت، گژوگیاو تاشەبەردە وشک هەڵگەڕاوەکان لەژێر تیشکە کزەکەدا قوت ببوونەوە، تیشکی خۆرەتاوەکە وەهای لێهات کە گەرمایی ببەخشێت، ئەسپەکەی وەستاندو ئاورێکی لەدووی خۆی دایەوە، بەڵام تاریکیی نێو شیوە نزمو نەوییەکە هەموو شتێکی لەبەرچاو وندەکرد، ڕەنگی ئاسمان شین هەڵگەڕا، زەبەنی قەدپاڵی شاخەکە نزیکەی سێ پێ بەرزببووەوە. لێرەولەوێ بارستایی‌و ئەستووریی بەردە گرانیتیەکان وەکو خانووی بێ خاوەن بڵاوببوونەوە، تاوێک پشووی داو خواردی‌و ئاویشی خواردەوە.. داڵێک بەبان سەریەوە بەنێو تیشکی خۆرەتاوەکەدا مەلەی دەکرد، لەپڕ ئەسپەکەی نرکەیەکی ئازاراویی کردو بەسەر لاتەنیشتدا کەوتە سەر زەویەکە، گیزەی گوللەیەک لە سەرانسەری هەردوو نشێوی دۆڵەکەدا دەنگی دایەوە، ئەسپەکە بەسەر زەوییەکەوە کەوتە لەقەفرکێ‌و لە کونێکی سەرشانییەوە خوێنێکی گەش‌و سوور فیشقەی دەکرد، تاونەتاوێک دەوەستایەوەو سەرلەنوێ دەردەپەڕییەوە، هەروەکو ئەوەی بریسکە لە کورەکەی دابێت بەسەر لاتەنیشتی ڕاکشابوو، ترس پەڕیبووە هەردوو چاوی‌و بە چاومۆڵەقەوە تەماشای دۆڵەکەی دەکرد، لقەدارێک بە تەنیشتی سەریەوە بە ئاسماندا پەڕی‌و شریقەی گوللەیەکی تریش دۆڵەکەی هێنایەوەیەک، هەرئەوەندەی بۆکرا وەکو شێت خۆی بهاوێتە پاڵ دارێکەوەو بکەوێتە سەرئەژنۆ، تفەنگەکەی بە توندی بەدەستەوە گرتبوو، بەپەلە کوتێ بەقەد گردەکەدا هەڵگژا، هەروەکو مار بەسکەخشکێ بەرەو تاشەبەردێکی سەر گردەکە دەکشا، لەنێو گژوگیا چڕەکەدا هەندێک شانی خۆی بڵند کردەوە، لە شوێنە ڕووتەنییەکاندا جارێکی تریش کەوتەوە سکەخشکێ، گەیشتە لێواری شوێنێکی ئەوتۆوە کە هیچ جۆرە گژوگیایەکی تیانەبوو تاوەکو لەبەرچاو بزری بکات، تیرئاسا دەرپەڕی‌و بە هەناسە بڕکێ وەکو خێرایی بریسکە خۆی هەڵدایە پشتی تاوێرێکی گەورەوە، پاش تاوێک پشوودان خۆی ئاخنییە نێو چاڵێکی تەسکەوە، دیقەتی خوارووی گردەکەیدا، تفەنگەکەی بۆ پێشەوە بردو لەسەر سک لێی ڕاکشا، خۆرەتاوەکە لوتکەی چیاکانی ڕۆژئاوای سوور هەڵگەڕاند، داڵێکی زۆر دابارینە سەر ئەو شوێنەی کە ئەسپەکەی لێ کەوتبوو، باڵندەیەکی بچووک بە بەردەم لوولەی تفەنگەکەیەوە لەنێو گەڵا ڕزیوەکاندا کەوتە گەڕان‌و جووڵە، داڵێک بەرەو خۆرەکە هەڵفڕی، جووڵەیەکی هێواش بەئاستەم لەنێو زەبەنە دوورەکانەوە سەرنجی ڕاکێشت، ئاسکێک لەسەرخۆ چووە سەر ڕێگەکەو لەپاشاندا خۆی خزاندە نێو زەبەنەکانەوە، بەپەلە ڕووانییە سەر ڕێگەکە کە شتێک لە دووریی سەد هەنگاوێک دەجووڵایەوە، تفەنگەکەی ڕاکێشتو فیشەکێکی خستەبەری‌و پەنجەی خستە پەلاپیتکەکەی، دووبارە جووڵەکەی هاتەوە پێشچاو، بە توندی پەنجەی گیرکردو تەقەیەکی کرد کە لە خوارووی دۆڵەکەدا دەنگی دایەوەو، بۆ دیوی بەرامبەر بەرز بووەوەو دووبارە

دەنگدانەوەکە گەڕایە دواوە، سەرلەنوێ بێدەنگیو کشوماتیی خۆی بەسەر ناوچەکەدا سەپاندەوە، لەناکاودا گوللەیەک نالەی کردو بەرەوڕووی هاتو بەردە ڕەقەکەی پشتی سەری هەڵکۆڵیو تەپو تۆزێکی سپیی بە تەوقی سەریەوە نەخشاند، گوللەیەکیتر بەرەوڕووی دەرپەڕیو هەستی بە گەرماییەک بە دەستی ڕاستیەوە کرد، تەلاشە بەردێکی تیژ لەنێو لەپیدا چەقی بوو کە زۆر ئازاری دەدا، بە ئاسپاییو لەسەرخۆی ڕایکێشتو دەریهێنا، گەرچی ماسولکەی نەبڕیبوو بەلام بەردەوام خوێنی لەبەر دەڕۆیشت، ڕووانییە دەوروبەری خۆیو ئەشکەوتێکی بچووکی خۆلاویی کەوتە بەرچاو، تەونی جاڵجاڵۆکەی گرمۆڵە کردو خستیە سەر برینەکەی، تاڵە خاوەکانی تەونەکە خوێنەکەیان هەڵمژیو تاڕادەیەک وەستاندیان.. تفەنگەکەی هەڵبڕیو فیشەکێکی تری خستە بەریو تلاوتل خۆی خزاندە نێو زەبەنە چڕەکەی تەنیشتیەوە، بەلای تەنیشتی چەپدا بۆی کشاو سەرلەنوێ بە وریاییەکی زۆرەوە سەرکەوتە بان گردەکەو بە سکە خشکێ بۆ دالدەیەک دەگەڕا کە خۆی تێدا مەلاس بدات، خۆرەکە لە سوورانەوە هەمیشەییەکەیدا بەرز بووەوە، دەمو چاوە هەلبزڕکاوەکەی هەڵبڕیو دووبارە بەڕووی قرچەی نیوەڕۆکەدا دایگرتەوە، تاشە بەردو زەبەنەکان کەوتبوونە ژێر زەبروزەنگی بایە گەرمەکەوە، گوڕی دایە خۆیو بەرەو لوتکەکە کەوتە سکەخشکێ، پێچاوپێچ بۆی دەکشاو لە لاپاڵێک دەگەڕا تاوەکو بیشارێتەوەو لە چاو بزری بکات، برینی دەستیشی بەردەوام پلی دەداو دەبووە مایەی ئێشو ئازار، لە شامارێکی زەنگاری تۆقێنەری بێ ئامان نزیکبووەوە، بە پشتا خۆی خستو مارەکەیش بە فیشکەفیشک سەری هەڵبڕی، ڕێیەکی تری گرتەبەرو مارمێلکە بۆرەکانیش خشەیان دەکردو تۆزوگەردیان بەدووی خۆیانەوە هەڵدەستاند، مشتی کرد بە تەونی جاڵجاڵۆکەیەکداو بە هەمان شێوەی پێشووی خستیە سەر زامەکەی، بە دەستی چەپەی تفەنگەکەی بەرەو پێشی خۆی دەبردو سەرەڕەشە تووکنەکەیشی ئارەقەی دادەداو بەڕوومەتیدا دەتکایەوە، هەردوو لچو لێوی هەڵپڕووکابوون، ناوبەناو زمانی دەردەهێناو تفێکی ڕۆدەکرد، چاوە ڕەشە بچووکەکانی بە ترسو گومانەوە ئەو نێوەندەی دەپشکنی، قومقومۆکێک لە بەردەمیدا کەوتە سەرەتاتکێو ئەمیش خرکێکی تێهاوشتو بەزەوییەکەوەی پلیشاندەوە، چەند سەد هەنگاوێکی بە تەواوەتی نەبڕیبوو کە خۆری نیوەڕۆ داکشابوو، نزیکەی سێ سەد پێی بە سکەخشکێ بەنێو سەوزاییە چڕەکەدا بڕیو ئەوسا هەستی بە دڵنەوایی کرد، بەلام سەرەڕای هەمووی ترس پەڕیبووە چاوی... خەو بردییەوەو خۆرەتاوەکەیش وەکو ئاگر پشتی سەری دەسمی، چەند مەلو باڵندەیەکی وردیلە بە تەنیشتیەوە لە هەڵبەزودابەزدا بوون، بەدەم خەوەکەیەوە ئەمدیوو ئەودیوی دەکردو جاروباریش دەستە برینداڕەکەی هەڵدەبڕی، خۆرەکە کەوتە پشت لوتکەکانەوە، شەوەزەنگ بە کزەبا ساردەکەیەوە هاتە پێشەوە، ڕێوییەک بەقەدپاڵی گردەکەوە دایە قریشکە قریشک، لە خەو ڕاپەڕیو بە چاوە هەڵپەنماوەکانییەوە هەڵیڕووانییە دەوروبەری خۆی، دەستی هەوی کردبوو ئێشو ئازاریش ژێر هەنگڵی داگرتبوو، تاریکەشەو کەژو چیاکانی ڕەشو تۆخ هەڵگەڕاندبوو، مانگیش هێشتا هەڵنەهاتبوو.. لەنێو ئەو تاریکو نتووکیەدا بە پێوە وەستابوو، چاکەتە ڕەشەکەی تەنگی بە قۆڵو بازووی هەڵچنیبوو، زمانە سووتاوەکەی بە ئاوساوییەوە لەنێو دەمیدا هەڵترۆقابوو، خۆی لە چاکەتەکەی بەری ڕزگار کردو تووڕی هەڵدایە نێو زەبەنەکەوە، هەندێک هاتەوە سەرخۆیو بە تەکانی کورتو لەترەلەتر بەنێو زەبەنەکەدا بۆ سەر گردەکە ڕێی بڕی، تفەنگەکەیش بەردەوام دەیکێشا بەقەد بەردەکانداو، وردە زیخو چەوو پارچە بەردی ڕزیو هاڕەیان دەکردو بۆ نێو دۆڵەکە بەردەبوونە خوارەوە.

مانگ هەڵهاتو لوتکەی زبری چیاکانی

ڕۆشنکردەوەو ڕێکردنی کوڕەکەی ئاسان کردەوە، بە لۆژەلۆژ ڕێیەکی بڕیو گەیشتە ترۆپکی گردەکە.. پشووی داو بەردەوامیش بایەکی قایم بەقەدپاڵەکەوە بەنێو چیلکە وشکەکانەوە هاژەی دەهات، مانگی زیوین کەوتەوە نێوەڕاستی ئاسمان، بەنێو بەردەڕەقو تەقەکاندا دەستیکرد بەڕێبڕینو ئاوڕێکی دایەوە... خۆی خستە دیوی ئەوبەرەوەو تریفەی مانگەشەوەکەیش داپۆشیبوو، داربەلاڵوکە چڕەکان بە بەرزاییەوە ڕووابوون. گژو گیایەکی چڕیش قەدپاڵی ئەوبەری دۆڵەکەیان داگیرکردبوو، لە هاتنە خوارەوەیدا پێی هەڵکەوتو بەسەر دەما کەوت، تینوێتی گەرووی وشک کردبوو. هەڵسایەوە سەرپێو ویستی ڕابکات، بەڵام جارێکیتر لەتری داو کەوتەوە سەر زەویەکە، زۆری پێنەچوو هەڵسایەوە سەرپێ...

کاتێک کە مانگەکە خەریک بوو خۆی بخزێنێتە پشتی چیاکانەوەو ئاوابێت، ئەم خۆی گەیاندە قەدپاڵەکەو بە خشکە خشک بەنێو دەوەنێکی چڕدا ڕۆیشت، بێوچان پەنجەکانی لە زەوی دەخشاندو بەدووی ئاوو تەڕاییدا دەگەڕا، لە خۆڵێکی تەڕو لیتاوێک بەولاوە هیچیتری بە چنگ نەکەوت، تفەنگەکەی خستەلاوەو هەردوو چنگی لە قوڕاوەکە گیرکردو خستیە نێو دەمیەوەو لە پاشاندا قوڕەکەی تفاندەوە، زمانی سووتایەوەو ناچاربوو بە پەنجەکانی بیسڕێتەوە، بە دەستی چاڵێکی هەڵکۆڵی بۆ ئەوەی ئاوی تێدا کۆببێتەوە، چاوەڕوانی نەکردو بەپەلە سەری ژەنییە نێو قوڕاوەکەوەو لەدواییدا بەلاداکەوتو خەوێکی قووڵ بردیەوە. گەرمای دەمەوبەیان ڕووی زەویی داگرت، کوڕە هێشتا هەر لە خەوەکەی خۆیدابوو هیچ جووڵەیەکی لێوەنەهات تاوەخت گەیشتە کۆتایی ئەو ڕۆژە، ئەوسا سەری هەڵبڕیو بە ئاگادارییەکی زۆرەوە ڕوانییە دەوروبەری خۆی، لەناکاودا لە دووریی بیست هەنگاوێکدا بۆرە شێرێکی کەوتە پێش چاو کە هەردوو گوێی قوت کردبووەوەو بە کلک ڕاوەشاندن تێی دەڕوانی، لەپڕ چاڵەکەی هاتەوەیادو تەماشای

کرد کە نزیکەی نیو گرێ ئاوی تێدا زاوە، بە ددانەکانی یەخەی خۆی دادڕیو پارچەیەک پەڕۆی لێکردەوەو بۆ چەند جارێک لە لیتاوەکەی هەڵکێشاو تەپاندییە نێو دەمی خۆیەوە، شێرەکەیش بەردەوامو بێوچان چاوی تێبڕیبوو.. شەو داهاتو هیچ دەنگو سەداو جووڵەیەک لەنێو گردو نشێوەکاندا نەدەبیسترا، پاش ئەوەی دەنگێکی کەوتە بەرگوێ بەپەلە کەوتە خۆیو ڕاپەڕی، دەنگی پێی بەرزە وڵاخێک بوو کە بەسەر بەردەکانەوە ڕەوتی دەکردو لە هەمان کاتدا دەنگی وەڕینی سەگێکیش لە دووڕڕا بەرزبووەوە، بە دەستی چەپەی تفەنگەکەی هەڵگرتو بە هێواشیو لەسەرخۆ بەرەو داروودەوەنێکی چڕوپڕ هەڵگژا، بۆلای ئەوبەرەوە پەڕییەوە، لەژێر پەردەی ڕەشی شەوەزەنگەکەدا هەڵسایە سەرپێ، هەموو ئازای لەشی بە جارێک داگیرابوو، تواناو وزەی لەبەربڕابوو، بێوچان هەر دەکەوتو هەڵدەستایەوەو بەقەد پاڵی تەپۆلکە خوارو خێچەکەدا هەڵدەگژا، هەرکە گەیشتە سەر گردەکە برستی لێبڕاو بەسەر دەما کەوتو لە هۆشی خۆی چوو، زۆری پێنەچوو تریفەی مانگەشەوەکە هێنایەوە سەرخۆی، ڕاپەڕیو ملی ڕێگەکەی گرتەبەر، بەڵام پاشەکشەی لێکردو بەپەلە بەرەودوا گەڕایەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی تفەنگەکەی لە خوارەوە بەجێهێشتبوو، لەنێو گژو گیاکەدا بەپەلەکوتێ کەوتە گەڕانو پشکنین، زۆری کردو کۆشاو تفەنگەکەی نەکەوتە بەردەستو ئێش و ئازاری ژێر هەنگڵیشی هەر لە زیادبووندابوو، دەستی شۆڕببووەوەو بە پەنماویو ئاوساوی وەکو کیسە هەڵترۆقابوو، لەگەڵ ترپەو لێدانی دڵیدا ئێشو ئازاری دەستی پلی دەداو زیادیدەکرد، بەردەوام قۆڵو بازووی قورسایی دەخستە ژێر هەنگڵیو هەراسانو پەرێشانی دەکرد، وەکو گیانلەبەرێکی بریندار هەمیشە دەستە زامدارەکەی لە خۆی دوور دەخستەوە، بە لەترەلەتر بەرەو گردە سەرەولێژەکە هەنگاوی خاوو خلیسکی دەنا، نەختێک ڕێی دەبڕیو هەڵوێستەیەکی بۆ دەکردو پشووی بە خۆی دەدا... کاتێک گەیشتە سەر لوتکەکە مانگەشەوەکە هەموو

هەڵەتەکانی ڕۆشنو ڕووناک کردبووەوە. تووشی سەرەگێژکە هاتو ڕمایە سەر زەوییەکەو جووڵەی لێبڕا.

بەسەد هەنگاوێک لوتکە بەردینەکانی لێوە دووربوون، مانگەکە لە سووڕانەوە هەمیشەییەکەیدابوو، بە کەساسییو کڵۆڵیی بەسەر لاتەنیشت ڕاکشابوو، ویستی زمانی بجووڵێنێتەوەو چەند وشەیەک بدرکێنێت، بەڵام لە لرخەیەکی وشک بەولاوە هیچی تری دەرنەبڕی، لە کاتی بەرەبەیاندا خۆی ڕاکێشتو چاوەکانی هەندێک گەشانەوە، ڕووانییە برینی دەستە هەڵپەنماوەکەی، دەستی بۆ گیرفانی بردو بێهوودە بەدووی چەقۆکەیدا گەڕاو بەرچنگی نەکەوت، بەسەر زەوییەکەوە تەلاشە بەردێکی تیژی چەقۆ ئاسای کەوتە پێش چاو، هەڵیگرتو بەسەر برینەکەیدا ساوی. لە پاشانیشدا برینە داڕزاوەکەی پێ هەڵتلیشاند، برینە زەرد هەڵگەڕاوەکەی زیچکاوو چلکو خوێنی لێدەچۆڕایەوە، سەری بە پشتدا بردو وەکو سەگ نووزایەوە، لە پاشاندا ورەی دایە بەرخۆیو لاقەدی گردەکەی لەژێر تریفەی مانگەشەوەکەدا بڕی، لەلاپاڵی ڕیزە بەردێکدا لێی ڕاکشاو ڕووانییە دۆڵەکەی پشتیەوە کە هەر وەکو دۆڵەکەی بەردەمی قووڵو هەڵدێر بوو.. دۆڵێکی ڕووتەنی کە هەرگیز ئاوو تەڕاییو دارودەوەنی تێدا بەدی نەدەکرا، لەوبەرەوەیش لوتکەیەک قوت ببووەوەو چەند بنچکێک بەملاو بەولای تاشەبەردەکانەوە ڕووابوون.

ڕۆژ داهاتو هێشتا هەر لەژێر خۆرەتاوەکەدا ڕاکشابوو، قژە ڕەشە گڤنەکەی تێکەڵ بە چڵو چێوو تەونی جاڵجاڵۆکە ببوو، هەردوو چاوی چووبوون بە قووڵدا، زمانیشی بەلادەمیدا بە ڕەشیو ئەستووری دەرپەڕیبووە دەرەوە، کەوتە سەر چینچکو دەستە هەڵپەنماوەکەی گرتە باوەشو ویستی تیماری بکات.

هەروەک سەرخۆش بەمدیوو بەودیودا دەهاتو دەچوو، سەری هەڵبڕیو ئاسمانی دایە بەرنیگا، باڵندەیەکی گەورەی ڕەشی بینی کە لە قووڵایی ئاسماندا دەخولایەوە، بەپەلە سەری داگرتو ویستی چەند ڕازێک لەبەرخۆیەوە بدرکێنێت، بەڵام لە چپەیەکی وشک بەولاوە هیچی تری لەزار نەهاتەدەرێ، دەستە چەپە لەرزۆکەکەی هەڵبڕیو وێنەی خاچێکی بەسەر سنگیەوە نەخشاند، دوای هەوڵو کۆششێکی درێژخایەن توانیی هەڵسێتە سەرپێ، بەبێ ئاگاییەکی زۆرەوە هەڵگژایە سەر تاوێرێک بەبان لوتکەی گردەکەوەو بەپێوە لەسەری وەستا، وەک مارانگەست خۆی بۆ ڕانەدەگیرا، دارودەوەنە دوورەکەی خوارەوەی کەوتەبەرچاو کە دوێنێ شەوی تێدا بەسەر بردبوو، دەنگێکی باریکو تیژ پەردەی بێ دەنگییەکەی دادڕیو پارچە بەردی لەژێر پێیدا پەرشو بڵاو کردەوە، گوللەیەک بەقەد بەردەکەی تەنیشتیەوە گیزەی کردو لەنێو دۆڵەکەدا دەنگی دایەوە، بە ڕاوەستانەوە سەیری خوارەوەی کرد، دووەم گولله بەرەوپاش تەکانی پێداو دەستی بەسەر سنگیەوە گرمۆڵە کرد، لە پاشاندا بەرەو پێش هاتو بەسەر دەما ڕما... بەنێو خاکو خۆڵو پارچە بەردە وردیلەکاندا تلاوتل بووەوەو کێشای بە تەنگەی دەوەنێکداو وەستایەوە.. سەریشی لەنێو خاکو خۆڵو تۆزو گەردو پارچە بەردا نوقوم بوو..